خوای گەورە بە ئەو کەسە دەفەرموێت کە کەمترین سزای هەیە لە دۆزەخدا: «ئەگەر هەموو شتێکی سەر زەوی مولْکی تۆ بوایە، ئایا دەتبەخشی تەنها بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەیت؟» دەلّێت: بەلّێ

لە ئەنەسی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بە ئەو کەسە دەفەرموێت کە کەمترین سزای هەیە لە دۆزەخدا: «ئەگەر هەموو شتێکی سەر زەوی مولْکی تۆ بوایە، ئایا دەتبەخشی تەنها بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەیت؟» دەلّێت: بەلّێ. پەروەردگار دەفەرموێت: «داوای شتێکم لێکردیت لەمە کەمتر کاتێک لە پشتی ئادەم بوویت: (هاوبەش وشەریک بۆ من بڕیار نەدەیت، بەلّام تۆ پێداگیر بوویت لەسەر شیرک وهاوبەش بڕیاردان)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەو کەسەی کە کەمترین سزا وئازاری لەسەرە لە دۆزەخدا پاش ئەوەی چووە نێویەوە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئەگەر هەموو دونیا وئەوەی تێیدایە مولْکی تۆ بووایە ؛ دەتکرد بە قوربانی بۆئەوەی ڕزگارت بێت لەم ئازارە؟ دەلّێت: بەلّێ، الله دەفەرموێت: فەرمانم پێت کرد وداوای شتێکی زۆر لەمە کەمترم کرد کە پەیمانت لێوەرگیرا لەکاتێکدا لە پشتی ئادەم بوویت -پەیمانەکەش ئەوەیە-: بەهیچ شێوەیەك هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەیت؛ بەلّام کاتێك تۆم هێنایە دونیاوە هەر پێداگیر بوویت لەسەر هاوبەش بڕیاردان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8315